# پرۆژەی نووسینی «هەگبەی زانین»

پێشەکی کتێبی یەکەمی «هەگبەی زانین» لە مانگی سێپتەمبەری ٢٠١٨ لە کوردستان لە چاپخانەی سەردەم لە سلێمانی بڵاو دەکرێتەوە.

هەگبەی زانین: کتێبی یەکەم؛ پیستیمۆلۆجیی کلاسیک
نووسینی: ساماڵ مانیی

پرسی ژیان و چۆنێتیی پێناسەکردن و تێگەیشتن لە خۆمان و لە جیهان، لە ئاستی تاک و کۆمەڵ پەیوەندییەکی پتەوی بە توانایی گەشەسەندنی بیرکردنەوەمانەوە هەیە. فەلسەفە وەک سەرچاوەی سەرەکیی هەموو زانستەکان ئیمکانی تێفکرین و هزرینمان بەهێز و فۆرمولە دەکات. لەم بەینەدا وێدەچێت ئێمەی کورد بە هۆی دووریمان لە فەلسەفە و تێفکرین تووشی ئاڵۆزییەک لە پێناسەکردن و ناسینی خۆمان و جیهان هاتووین. هەر بۆیەش، کوردبوون وەک ناسنامەی کۆیی ئێمەی کورد بە دەست کێشەی بیرنەکردنەوە و تێنەفکرین دەناڵێنێت. ئەمەش بووەتە هۆکارێک کە نووسەران و توێژەرانی کورد هەست بە کەمایەسییەک لەمبارەوە بکەن. لەم پێناوەدا وەرگێڕان و ناساندنی ئایدیا و ئارگیومێنت و تیۆرە سەرەکییەکانی فەلسەفە بۆ ناو کتێبخانەی کوردی گرنگییەکی زۆری هەیە و دەتوانێ کەلێنێکی گەورە لە ناودونیای ڕۆشنبیری کوردیدا پڕ بکاتەوە. بە تایبەت ئەگەر پرۆژەگەلێ بۆ فێرکاری لە بواری فەلسەفە بە زمانی کوردی هەبن کە ئاستی ئاکادیمییان بەرز بێت و تەنیا لەسەر یەک قوتابخانەی فیکری یان بیرمەند و فەیلەسووفێکی تایبەت نەوەستابن، بەڵکوو ئامانجی ئەو پرۆژەگەلە ئاشناکردنی خوێنەران بە فەلسەفە وەک شێوازی بیرکردنەوە بێت. هەر وەک دەزانین لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بە هۆی نەبوونی وەها پرۆژەگەلێکی زانستی، فەلسەفەش وەک زۆربەی شتەکانی تر، بووەتە قوربانیی ئایدیۆلۆژیاکان و کەم نین ئەو ڕۆشنبیرانەی تەنێ پەرە بە ناو و ناوەڕۆکی فەیلەسووفێکی تایبەت دەدەن و خوێنەری کۆمەڵگەی کوردستان بە هۆی نەبوونی بنەمایەک لەمەڕ فەلسەفەدا و ئاشنانەبوونی بە کۆی بواری فەلسەفە وەک بوارێکی ئاکادیمی تووشی سەرلێشێواوی و دەمارگرژی لە بیرکردنەوەدا دەبێت کە لێکەوتە نەرێنییەکانی کۆی پرۆسەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردستانی گرتووەتەوە.

پرۆژەی «هەگبەی زانین» کە لە سێ کتێب پێک هاتووە لە لایەن دکتۆر ساماڵ مانییەوە ئامادە کراوە. پرۆژەی نووسینی ئەم سێ کتێبە دەتوانێ کەلێنێک لە بواری فەلسەفە لە ناو کتێبخانەی کوردیدا، چ لە ئاستی ئاکادیمی و چ لە ئاستی خوێنەری ئاساییدا، پڕ بکاتەوە. خاتوو ساماڵ مانی نەک تەنیا وەک ئاکادیمییەکی کورد بەڵکوو وەکوو ژنێک لە کوردستاندا پێشەنگ بووە لە پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە لە ناو کتێبخانەی کوردیدا. بەم هیوایەی کە ئەم پرۆژەیە لەتەک پرۆژەگەلێ هاوشێوە هەنگاو بە هەنگاو ئەم کەمایەسییەی ناو کتێبخانەی کوردی پڕ بکەنەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ ئاستی بیرکردنەوە لە ناو کۆمەڵگای

